# نامەیەك بۆ دەستەی سەرۆكایەتی و پەرلەمانتارانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان

## دوای بڕیارەكەی دادگای فیدراڵی سەبارەت بەنادەستوری بوونی پەرلەمان بەتەمای چین؟
## تكایە یاسای چاكسازی كە خۆتان دەرتان كردووە لەسەر خۆتانی جێبەجێ بكەن

بەڕێز/ سەرۆكی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان

بەڕێز/ جێگری سەرۆكی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان

بەڕێز/ سكرتێری خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان

بەڕێزان/ ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان

پاش سڵاو و ڕێز...

دەرچوونی بڕیاری دادگەی فیدراڵی سەبارەت بە نادەستوری بوونی درێژكردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی كوردستان، لەلایەك جێگەی نیگەرانی و لەلایەكی تر مایەی دڵخۆشیە، جێگەی نیگەرانیە بەوەی نەدەبوو دوای سی و یەك ساڵ ئەزموون و حوكمرانی، بەم شێوازەی ئێستا دامەزراوە یاساییەكانی هەرێم، بەتایبەت بەرزترین دامەزراوەی وەك پەرلەمان بكەوێتە بەر تانەو تەشەری بەغداو بە نادەستوری دابنرێت، ناوبانگی هەرێم و حوكمرانیەكەی لەبەر چاوی هاوڵاتیانی خۆی و دۆست و هاوپەیمانەكانی لەكەدار بكرێت، هۆكاری سەرەكی بڕیارەكەش خودی پەرلەمانە كە بووە مایەی ئەوەی ساڵێكی تەمەنی بە نادەستوری هەژماربكرێت و هەرێمیش بخاتە بۆشایی یاساییەوە.

لەلایەكی ترەوە مایەی دڵخۆشی و پێشوازی لێكردنە، چونكە بڕیارەكە دەرەنجامی خەمساردی لایەنە سیاسییەكان (بەتایبەت پارتی و یەكێتی)ە، چونكە نە پەرلەمان و نە ئەو دوو هێزە گوێیان لە هاوار و تكای خەلكانی دڵسۆز و یاساناس نەگرت، هەر بۆیەش لە بەغداوە وەستێنران! ئەگەر گوێیان بگرتایە، هەڵوەستەیەكیان لەسەر هۆشدارییەكانی نێردەی نەتەوە یەكگرتووەكان و كونسلخانەكان بكردایە، ئەگەر گوێیان لە ڕێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی بگرتایە لە بری تاوانباركردنیان! ئەگەر بەرژەوەندی خەڵكی هەرێمیان لەبەرچاو بگرتایەو تۆزێك راستگۆبوونایە لەگەڵ ئەو دروشمانەی بەناوی دیموكراسیەوە بانگەشەیان بۆ دەكرد! چی پێویستی دەكرد بەغدا بێت و مێزی یارییەكی ساڵێ قلب بكاتەوە بەسەر پەرلەماندا؟ ئەگەر پەرلەمان بەپێی یاسا و پەیرەو كاری بكردایەو ئەركەكانی خۆی جێبەجێ بكردایە، ئەگەر لە ساڵی ٢٠١٩ وە كۆمسیۆنی هەڵبژاردنەكانی كارا بكردایەتەوە، چۆن دادگەی فیدراڵی دەیتوانی بڕیارێكی لەم شێوەیەی لەسەر دەربكات و بە ناچاری بیوەستێنێ! وێڕای ئەوەی پارتی و یەكێتی و گۆران و هاوپەیمانەكانیان لە شەو و رۆژێكدا بەیەكەوە تەمەنی پەرلەمانیان درێژكردەوە، كەچی لەگەڵ ئەو هەموو نزیككەوتنەوەشیان لەیەكتری، نەیانتوانی لەماوەی ساڵێكدا لەسەر هەڵبژاردن ڕێكبكەون، چونكە ئەگەر لەسەر هەڵبژاردن رێك بكەوتنایەو بە بیانوی جیاجیای بێ بنەما پەكی دانیشتنەكانی پەرلەمانیان نەخستایە؟ سەرەنجامیان بەم رۆژە نەدەگەیشت؟ هەموو ئەمانە هۆكاری دەرچوونی بڕیارەكەی دادگەی فیدراڵی و بەنادەستوری ناساندنی پەرلەمان و دروستبوونی بۆشایی یاسایین لە هەرێمی كوردستان و بەرپرسیاری یەكەمیش پارتی و یەكێتی و خودی پەرلەمانی كوردستانن.

ئەگەر بەهۆی ئەو بڕیارەوە هەستی تاكێكی كورد بریندار بوبێت، دەبێ لەو راستیە تێبگەین كە بڕیارەكەی دادگە پەرلەمانی هەڵنەوەشاندۆتەوە وەك هەندێك كەس و لایەن بۆ جولاندنی هەست و سۆزی خەڵكی بانگەشەی بۆ دەكەن، بەڵكو دادگا هەڵەیەكی راستكردۆتەوەو یاسایەكی پەرلەمانی هەڵوەشاندۆتەوە كە بەنادەستوری تەمەنی

خۆی پێ درێژکردبوویەوە. واتە بڕیارەکە نەك پەرلەمانی بچوك نەکردۆتەوەو لە هەیبەتی نەداوە، بە پێچەوانەوە گەورەیی پەرلەمانی دەرخستوەو و سەنگ و ئیعتیباری بۆ گێڕاوەتەوە. بۆیە نەك جێگەی داخ نیە بەڵکو خەڵکی کوردستان دەبێت سوپاسگوزار بن کە بەو بڕیارە چونکە مافێکی زەوتکراویا بۆ گێردرایەوە و بەپێی یاساو پەیرەو چوار ساڵ جارێك مافی دەنگدانیان هەیە. کەواتە خودی پەرلەمان و بڕیارە نایاساییەکانی خۆیەتی بوونەتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی نەك بڕیاری دادگا.

پوختەی بڕیارەکە ئەوەیە لە (٢٠٢٢/١١/٦)ەوە درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی بەنادەستوری داناوە، هەموو ئەو کارانەی پوچەڵ کردۆتەوە کە پەرلەمان لەو رێکەوتە بەدواوە کردوونی، وەك: درێژکردنەوەی تەمەن، سوێندخواردنی ئەندامانی تازە، دەرکردنی یاساو بڕیار، ئیمتیازی پەرلەمانتاران، هەر هەموویان دەبێ هەڵوەشێنەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنج و سەرسورمانە، پێنج رۆژ بەسەر دەرچوونیدا تێپەڕیوە، کەچی تا ئێستا پەرلەمان هیچ هەڵوێستێکی لە بەرامبەر ئەو بڕیارە چارەنوسسازە دەرنەبڕیوە کە لە دژی دەرچووەو کۆتایی بەتەمەنی خولەکەی هێناوە! نە قبوڵی کردووەو نە رەتی کردۆتەوە! سەرۆکایەتی پەرلەمان و فراکسیۆنەکان کەوتوونەتە سوری متبوون و بێدەنگیەوە کە شەرمێکی سیاسیی گەورەیە، ئەگەر دادگا غەدری لێکردوون دەبێ رەتی بکەنەوە، ئەگەر غەدریش نیە دەبێ بەفەرمی پێشوازی لێبکەن و رێکارەکان دەست پێبکەن.

تاکە رێگە لەبەردەمی پەرلەماندا جێبەجێکردنی بڕیارەکەو دەست پێکردنی هەنگاو و رێکارەکانە، ئەرکی سەر شانیانە بۆ راستکردنەوەی خەمساردی و پێشێلکاری و ئەو هەڵانەی کردیان، تا رەوشەکە لەوە ئاڵۆزتر نەکەن، بۆ ئەوەی تەنگژەو قەیرانی زیاتر بۆ خەڵکی کوردستان نەخولقێنن و هەرێم رووبەڕووی کێشەی زیاتر نەکەنەوە. کێشەی زیاتر بۆ موچەو بودجەی خەلکی کوردستان دروست نەکەن، لێرەوە بوەستن و بەردەوام نەبن لەسەر ئەو پێشێلکاری و کارە ناپەرەویانەی کردوویانە، دواجار هەوڵی هێنانەوە سەر رێچکەی ئاسایی و یاسایی دامەزراوەکانی هەرێم بدەن، پەیوەست بن بە بڕیارەکەی دادگە و یاساکانی خۆیانەوەو ئەم هەنگاوانە بنێن:

١-پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٢٢/١١/٦)ەوە تەمەنی یاسایی بەسەر چووە، دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامەکانی لەو رێککەوتەوە هیچ سیفەتێکی پەرلەمانییان نەماوە. ئەوەی لە پەرلەماندا سیفەتی یاسایی هەبێت و کارە کارگێرییەکانی ناو دامەزراوەکە رایی بکات تەنها سەرۆکی دیوانە.

٢- لەسەرەتای ئەم هەفتەیەوە دەستەی سەرۆکایەتی و سەرجەم ئەندامان سەردانی پەرلەمان بکەن، دوای دەستلەکار ترازانیان وەك ئەندامی پەرلەمان، ئەوانەی خوازیارن خانەنشین بکرێن لەلایەن سەرۆکی دیوانەوە نوسراویان بۆ بکرێت بۆ وەزارەتی دارایی و بەڕێوەبەرێتی خانەنشینی بۆ رایی کردنی مامەڵەکانیان، ئەوانەشی نایانەوێت خانەنشین بن نوسراویان بۆ بکرێت بەمەبەستی گەڕانەوە بۆ سەر کاری پێشوویان.

٣-لە ئەگەرێکدا پەرلەمان ئەو نوسراوەی نەکرد، پێویستە لە ماوەی هەفتەیەکدا ئەو پەرلەمانتارانەی پەرۆشی چاکسازی و سەروەریی یاسان، خۆیان بەتاك دوای مامەلەکانیان بکەون و بەپێی یاسا ئەنجامی بدەن.

٤-لەسەر دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامان پێویستە پەیوەست بن بە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ یاسای (چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان) کە ئەم خولەی پەرلەمان خۆیان دەریانکردووە، یاساکە لەسەر خۆیان جێبەجێ بکەن و پێشێلی نەکەن، لە دوای (٢٠٢٢/١١/٦)ەوە لە وەرگرتنی موچەو ئیمتیازاتەکانیان پەیوەست بن بەیاساکەوە، لەو رێککەوتەوە بە خانەنشین هەژمار بکرێن و جیاوازی موچەکانیان بگێرنەوە بۆ خەزێنەی گشتی، چونکە بەپێی بڕیارەکەی دادگەی فیدراڵی ماوەی شەش مانگ موچەی زیادەیان وەرگرتووە. سەبارەت بەوانەش کە لە چەند مانگی رابردوودا خانەنشین کراون، ئەوانیش خۆیان بەدوای مامەڵەکانیانەوە بن بەپێی یاسای چاکسازی.

٥-ئەوانەی لەدوای ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١١/٦)ەوە بۆ جێگرتنەوەی پەرلەمانتارە دەستلەکارکێشاوەکان لەماوەی نادەستووریبوونی پەرلەماندا سوێندیان خواردووە، بەپەرلەمانتار هەژمار ناکرێن و هیچ ئیمتیازێکی پەرلەمانتاریش نایانگرێتەوە، بۆیە بەزووترین کات نوسراویان بۆ بکرێت بە مەبەستی گەڕانەوەیان بۆ سەر کاری پێشویان.

٦-بەپێی یاسا کاتێك پەرلەمانتاران خانەنشین دەکرێن موچەی شەش مانگیان وەك ئیکرامیە پێدەدرێت کە بڕی (٥٢.٠٠٠.٠٠٠) پەنجاو دوو ملیۆن دینارە، بۆ ئەوەی بار قورسی لەسەر ئەندامان دروست نەبێت، پێشنیار دەکەین ئەو بڕە پارەی بەزیادەوە لە موچە وەریانگرتووە لەو ئیکرامیەیە لێیان بگێردرێتەوە. ئەمە لەکاتێکدا سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێر و (٨) ئەندامی تر بەهۆی ئەوەی لە خولەکانی پێشوو پەرلەمانتار بوونە، ئیکرامیەیان وەرگرتووەو بەپێی یاسا لەم خولەدا ناتوانرێت دووبارە بۆیان خەرج بکرێتەوە.

٧-لە نزیکترین ماوەدا ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمان خانو و شوقەکانی پەرلەمان رادەست بکەنەوە تا لە ئێستاوە بۆ ئەندامانی خولی شەشەم نۆژەن بکرێتەوەو ئامادە بکرێت.

٨- ئەرکی هەریەك لە دامەزراوە فەرمیەکانی: (دیوانی چاودێری دارایی)، (دەستەی دەستپاکی) و (داواکاری گشتی)یە کە چاودێری و بەدواداچوون بۆ پرۆسەکە بکەن، بۆ ئەوەی هەم یاسای چاکسازی پەرلەمان و هەم بڕیاری دادگای فیدرالی سەبارەت بە ئیمتیازی پەرلەمانتاران جێبەجێبکرێت.

داواکارین دەستەی سەرۆکایەتی و پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، بەوانەشەوە کە پەرلەمانیان بەجێهێشتبوو و بایکۆتیان کردبوو، یا ئەو بەڕێزانەی نامەی دەستلەکارکێشانەوەیان پێشکەشکردبوو و دەنگیان لەسەر نەدرابوو، لە زووترین کاتدا ئەم هەنگاوانە بگرنە بەر، بەپێچەوانەوە ئێمە وەك ئینیستیتوتی پەی چاودێری هەنگاوەکانیان دەکەین، وێرای دەستخۆشی لەوانەی هەنگاوەکە جێبەجێ دەکەن، ناوی ئەو ئەندامانەش بۆ رای گشتی ئاشکرا دەکەین کە پەیوەست نەبن بەو یاسایەی خۆیان دەریان کردووە.

هەر بۆ بەرچاو روونی بەڕێزیشتان، لە لیستێکی هاوپێچدا بڕی ئەو بودجەیە دەخەینە روو کە بەپێی بڕیاری دادگەی فیدراڵی و یاسای چاکسازی کە پێویستە بۆ خەزێنەی گشتی بگێردرێتەوە.

لەگەڵ ڕێزدا

ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان
٢٠٢٣/٦/٢

*وێنەیەك بۆ:*
-بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆ بەرچاو رونیتان تکایە.
-بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ بەرچاو رونیتان تکایە.
-بەڕێز دادگای فیدراڵی عیراق، بۆ زانیاریتان تکایە.
-بەڕێز نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق، هەر بۆ زانیاریتان تکایە.
-بەڕێز دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان، بۆ بەدواداچوون تکایە.
-بەڕێز دەستەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان، بۆ بەدواداچوون تکایە.
-بەڕێز سەرۆکایەتی داواکاری گشتی هەرێمی کوردستان، بۆ بەدواداچوون تکایە.
-بەڕێز وەزیری دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ زانیاریتان تکایە.
-بەڕێزان لایەنە سیاسیەکانی خاوەن ئەندام لە پەرلەمانی کوردستان بۆ بەرچاو روونیتان تکایە.

*هاوپێچ:* لیستی وردەکاری خەملاندنی موچەی ئەندامانی خولی پێنجەم کە بە بەپێی یاسا پێویستە بیگێڕنەوە بۆ خەزێنەی گشتی.

## هاوپێچ

## وردەکاری خەملاندنی موچەی ئەندامانی خولی پێنجەمی پەرلەمان
## کە بە پێی یاسا پێویستە بیگێرنەوە بۆ خەزێنەی گشتی

بۆ بەرچاو روونی پری ئەو بودجەیە دەخەینە روو کە بەپێی بڕیاری دادگەی فیدراڵی یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ یاسای (چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشین و ئیمتیازاتەکان و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان) کە هەمان ئەو ئەو پەرلەمانتارانەی ئەم خولەی ئێستا پەسەندیان کردووە، لە دوای (٢٠٢٢/١١/٦)ەوە وەك موچە وەریانگرتووە، پێویستە بۆ خەزێنەی گشتی بگێرنەوە، خۆی لەم بڕگانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

١-ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتی بریتین لە سێ کەس، پری موچەکانیان مانگانە: (سەرۆك: پانزە ملیۆن دینار)، (جێگری سەرۆك: سیانزە ملیۆن دینار)، (سکرتێر: یانزە ملیۆن دینار)، ئەم سێ بەرێزە گەیشتوونەتە تەمەنی یاسایی خانەنشینی، ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین خزمەتیان تەواوەو سەرجەم موچەی خانەنشینی وەربگرن، ئینجا موچەکانیان دەبێت بە نیوە. واتە بۆ هەر مانگێك: (سەرۆك: حەوت ملیۆن و پێنجسەد هەزار دینار)، (جێگر: شەش ملیۆن و پێنجسەد هەزار دینار) و (سکرتێر: پێنج ملیۆن و پێنجسەد هەزار دینار) بگێرنەوە، کە بۆ شەش مانگ (سەرۆك: چل و پێنج ملیۆن دینار)، (جێگر: سی و نۆ ملیۆن دینار) و (سکرتێر: سی و سێ ملیۆن دینار)، بەمەش کۆی ئەو برە پارەی هەرسێکیان بۆ شەش مانگ بە زیادە وەریانگرتووە دەبێ بیگێرنەوە، دەکاتە (١١٧.٠٠٠.٠٠٠) سەد و حەڤدە ملیۆن دینار.

٢-موچەی ئەندامان کە مانگانە (٨.٢٠٠.٠٠٠) هەشت ملیۆن و دووسەد هەزار دینارە، ئەو ئەندامانەی گەیشتوونەتە تەمەنی یاسایی خانەنشینی (٥١) ئەندامن کە تەمەنیان (٤٥) ساڵ و بەسەرەوەیە، ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین ئەوانە هەر هەموویان مەرجی خزمەتیشیان تەواوەو دوا میچی موچەکەش وەربگرن، موچەی هەر یەکێکیان دەگاتە رێژەی ٥٠% کە پری (٤.١٠٠.٠٠٠) چوار ملیۆن و سەد هەزار دینارە، واتە هەر یەکێکیان دەبێ بۆ هەر مانگێك پری (٤.١٠٠.٠٠٠) چوار ملیۆن و سەد هەزار دینار بگێرنەوە، بەمەش هەر ئەندامێك بۆ شەش مانگ دەبێت (٢٨.٧٠٠.٠٠٠) بیست و هەشت ملیۆن و حەوتسەد هەزار دینار بگێرێتەوە، واتە بە تێکرای (٥١) ئەندامەکە بۆ شەش مانگ دەبێت (١.٢٥٤.٦٠٠.٠٠٠) یەك ملیار و دوو سەد و پەنجاو چوار ملیۆن و شەشسەد هەزار دینار بۆ خەزێنەی گشتی بگێرنەوە.

٣-ئەو ئەندامانەی نەگەیشتونەتە تەمەنی یاسایی خانەنشینی، واتە لە خوار (٤٥) ساڵەوەن، ژمارەیان (٤٩) ئەندامە، موچەی مانگانەیان (٨.٢٠٠.٠٠٠) هەشت ملیۆن و دوو سەد هەزار دینارە، موچەی خانەنشینی هەر یەکێکیان دەگاتە رێژەی ٢٥% کە پری (٢.٠٠٠.٠٠٠) دوو ملیۆن دینارە لە مانگێکدا، بەپێی ئەمەش دەبێت مانگانە (٦.٢٠٠.٠٠٠) شەش ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار بگێرنەوە، واتە هەر یەك لەو ئەندامانە بۆ هەر شەش مانگ دەبێت (٤٣.٤٠٠.٠٠٠) چل و سێ ملیۆن و چوارسەد هەزار دینار بۆ خەزێنەی گشتی بگێرێتەوە. بەمەش کۆی گشتی ئەو برە پارەیەی دەبێت هەر (٤٩) پەرلەمانتارەکە بۆ شەش مانگ بیگێڕنەوە دەگاتە (١.٨٢٢.٦٠٠.٠٠٠) یەک ملیار و هەشتسەدو بیست و دوو ملیۆن و شەشسەد هەزار دینار.

٤-ئەو ئەندامانەی کە دوای (٢٠٢٢/١١/٦) سوێندی یاساییان خواردووە، بەپێی بڕیارەکەی دادگەی فیدراڵی هیچ ئیمتیازێکی پەرلەمانتاری نایانگرێتەوە، (٦) ئەندامن، یەکێکیان لە (٢٠٢٣/١١/٣٠) سوێندی یاسایی خواردووە، بەپێی ئەمەش ناوبراو موچەی پێنج مانگی وەرگرتووە بۆ هەر مانگێك (٨.٢٠٠.٠٠٠) هەشت ملیۆن و دووسەد هەزار دینار، کۆی پێنج مانگی دەکاتە (٤١.٠٠٠.٠٠٠) چل و یەک ملیۆن دینار، پێنج ئەندامەکەی تریش لە (٢٠٢٣/٣/١٥) سوێندی یاسایان خواردووە، واتە هەریەکەیان موچەی یەک مانگ و نیویان وەرگرتووە کە کۆی موچەی هەریەکێکیان

لەو ماوەیەدا دەکاتە (١٢.٣٠٠.٠٠٠) دووانزە ملیۆن و سێسەد هەزار دینار، کۆی ئەو بڕە پارەیەی ئەو شەش پەرلەمانتارە دەبێت بیگێڕنەوە بۆ خەزێنەی گشتی بریتیە لە (١٠٢.٥٠٠.٠٠٠) سەد و دوو ملیۆن و پێنجسەد هەزار دینار.

٥-ئەندامانی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە (٢٠٢٣/٣/١) لە پەرلەمان نامەی دەستلەکارکێشانەوەیان پەسەند کرا، کە پێنج ئەندام بوون، واتە چوار مانگ لە تەمەنی نایاسایی پەرلەمان موچەیان وەرگرتووە. هەر پێنج ئەندامەکەی یەکگرتوو گەیشتوونەتە تەمەنی یاسایی خانەنشینی، ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین خزمەتیشیان تەواو بێت و بالاترین موچەی خانەنشینی وەربگرن، هێشتا دەبێت مانگانە هەر یەکێکیان (٤.١٠٠.٠٠٠) چوار ملیۆن و دووسەد هەزار بگێڕێتەوە، کە کۆی گشتی ئەو پرەپارەیەی بە هەر پێنجیان دەبێت بیگێڕنەوە خەزێنەی گشتی بریتیە لە (٨٢.٠٠٠.٠٠٠) هەشتاو دوو ملیۆن دینار.

٦-هەریەکە لە پەرلەمانتاران (کازم فاروق) و (عەلی حەمە سالح) کە لە (٢٠٢٣/٣/١) نامەی دەستلەکارکێشانەوەیان پەسەند کرا، ، واتە چوار مانگ لە تەمەنی نایاسایی پەرلەمان موچەیان وەرگرتووە. ناوبراوان هیچ کامیان نەگەیشتۆتە تەمەنی یاسایی خانەنشینی، بۆیە هەریەکەیان مانگانە دەبێت (٦.٢٠٠.٠٠٠) شەش ملیۆن و دوو سەد هەزار دینار بگێڕنەوە بۆ خەزێنەی گشتی، واتە هەر یەکەیان (١٨.٦٠٠.٠٠٠) هەژدە ملیۆن و شەشسەد هەزار دینار بگێرنەوە، بەپێی ئەمەش بە هەردووکیان و ماوەی سێ مانگ دەبێت (٤٩.٦٠٠.٠٠٠) چل و نۆ ملیۆن و شەشسەد هەزار دینار بگێرنەوە بۆ خەزێنەی گشتی.

٧-بەپێی بڕیاری دادگەی فیدراڵی لە (٢٠٢٢/١١/٦) ەوە تا ئێستا ماوەی (٧) مانگە پەرلەمانی کوردستان نایاساییە، واتە جیاوازی ئەو شەش مانگەی موچەکانیان کە پێویستە بۆ خەزێنەی گشتی بگێڕنەوە سەرجەمی دەکاتە (٣.٣٩٥.٣٠٠.٠٠٠) سێ ملیار و سێسەد و نەوەت و پێنج ملیۆن و سێسەد هەزار دینار.

٨-ئەم برە پارەیەی دەستنیشانکراوەو پێویستە بگەڕێتەوە تەنها خەملێنراو و گریمانەیە، چونکە زۆر لەوە زیاترە، لەبەر ئەوەی ئەگەر بەپێی یاسای چاکسازی بچینە ناو وردەکاریەوە، بەشێکی زۆرتر لە ئەندامان مەرجی خزمەتیان تەواو نیە و ئەو موچەی بۆ خانەنشینی ئێمە لێرەدا گریمانەمان بۆ کردووە کەمتر دەبێتەوە.

٩-لە حالەتی خەرجکردنی موچەی مانگی مایس کە تا ئێستا نەدراوە، ئەگەر بۆ پەرلەمان خەرج بکرێت، ئەو کاتە زۆر لەوە زیاتر دەبێت، کە موچەی زیادەی مانگێکی دەستەی سەرۆکایەتی و پەرلەمانتاران دەکاتە (٥٨١.٦٠٠.٠٠٠) پێنج سەدو هەشتاو یەك ملیۆن و شەشسەد هەزار دینار، بەپێی ئەمەش ئەو کاتە بڕی (٣.٩٧٦.٩٠٠.٠٠٠) سێ ملیار و نۆسەد و حەفتاو شەش ملیۆن و نۆسەد هەزار دینار بە نایاسایی بەهەدەر دەچێت، کە پێویستە بگێردرێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی.

١٠-هەندێك لەو ئەندامانەی ناڕازیبوون لەسەر درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان، پێشتر لە کەناڵەکانی راگەیاندنەوە لێدوانیان دابوو کەوا لەدوای (٢٠٢٢/١١/٦)ەوە موچەکەیان وەرنەگرتووە، ئێمە وەك ئینستتیوتی پەی هیچ بەلگەیەکی فەرمیمان لەبەر دەست نەبووە، هەر بەرێزێك ئەگەر بەڵگەی هەبێت دەکرێ ئاگادارمان بکاتەوە تا بیخەینە روو، بۆ ئەوەی مافی پێشێل نەکرێت.

١١-ئەو پەرلەمانتارانەی پێشتر رایانگەیاندبو گوایە لەدوای (٢٠٢٢/١١/٦)ەوە مەچەیان وەرنەگرتووە، پرسیارێک دێتە کایەوە ئاخۆ موچەکانیان گێردراوەتەوە بۆ سەر خەزێنەی گشتی یاخود خراوەتە سەر ئەژمارەکانیان. کە ئەمە ئەرکی لایەنە پەیوەندیدارەکانە بەدواداچونی بۆ بکەن.

خشتەی پری ئەو پارانەی بەپێی بریاری دادگەی فیدراڵی پێویستە دەستەی سەرۆکایەتی و پەرلەمانتارانی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بیگێرنەوە بۆ خەزێنەی گشتی

| ز | جۆر | ژمارە | موچەی مانگێك بەر لە خانەنشینی | موچەی سەردەمی خانەنشینی | زیادەی موچە لە مانگێك کە وەرگیراوە | زیادەی موچە لە ماوەی شەش مانگ وەرگیراوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| .١ | سەرۆکی پەرلەمان | 1 | 15.000.000 | 7.500.000 | 7.500.000 | 45.000.000 |
| .٢ | جێگری سەرۆك | 1 | 13.000.000 | 6.500.000 | 6.500.000 | 39.000.000 |
| .٣ | سکرتێری پەرلەمان | 1 | 11.000.000 | 5.500.000 | 5.500.000 | 33.000.000 |
| .٤ | ئەو پەرلەمانتارانەی لەسەرووی (٤٥)ساڵەوەن و گەیشتونەتە تەمەنی یاسایی خانەنشینی | 51 | 8.200.000 | 4.100.000 | 4.100.000 | 1.254.600.000 |
| .٥ | ئەو پەرلەمانتارانەی لە خوار (٤٥)ساڵەوەن و نەگەیشتونەتە تەمەنی یاسایی خانەنشینی | 49 | 8.200.000 | 2.000.000 | 6.200.000 | 1.822.600.000 |
| .٦ | ئەوانەی دوای ١١/٦ چونەتە پەرلەمان و ئیمتیازی پەرلەمانتاری نایانگرێتەوە | 6 | 8.200.000 | 0 | 8.200.000 | 102.500.000 |
| .٧ | فراکسیۆنی یەکگرتوو کە لە ٢٠٢٣/٣/١ نامەی دەستلەکارکێشانەوەیان پەسەند کرا | 5 | 8.200.000 | 4.100.000 | 4.100.000 | 82.000.000 |
| .٨ | (عەلی حەمە ساڵح) و (کازم فاروق) لە ٢٠٢٣/٣/١ نامەی دەستلەکارکێشانەوەیان پەسەند کراو نەگەیشتونەتە تەمەنی یاسایی خانەنشینی | 2 | 8.200.000 | 2.000.000 | 6.200.000 | 49.600.000 |
| سەرجەم: سێ ملیار و سێسەد و نەوەد و پێنج ملیۆن و سێسەد هەزار دینار | | 116 | | | | 3.395.300.000 |

ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشەپێدان

٢٠٢٣/٦/٢